گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی زەمینەسازی ناوخۆیی و جیهانی لە هاتنەئارای دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرەکان لە ڕۆمانی کوردیدا

**م. حەیدەر جەوهەر ئەحمەد**
کۆلێژی پەرستاری , زانکۆی پزیشکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
haederjauher@yahoo.com

**پ.ی.د. پەخشان سابیر حەمەد**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق
pakhshan.hamad@soran.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/١٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/١٥
بڵاو کردنەوە: : بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Literary, genres, interference, impact, local, global, Kurdish novels.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.8

## پوختە

بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا بوارێکی نوێ و بایەخداری توێژینەوەی ئەدەبییە. لەم توێژینەوەیەدا کارکراوە بۆئەوەی ڕۆڵی زەمینەسازی ناوخۆیی و جیهانی لە بەرجەستەکردنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا شی بکرێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە وردی جەختی لەسەر رەهەندی ئەنگێزە ناوخۆیی و جیهانییەکان کردۆتەوە، کە بوونەتە هۆی ڕێگەخۆشکردن بۆ دەرکەوتنی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ژانری رۆمانی کوردیدا.

لە ناواخنی ئەم باسەدا ئاماژە بە ڕۆڵێ زەمینەسازی ناوخۆیی بە تایبەتی ڕۆڵی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی ساڵی 1991 لە بەرجەستەبوونی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردی دراوە و ئەنگێزەی دەزگاکانی ڕاگەیاند بەر ڕووناکی دراوە.

جگە لەمەش ئەنگێزەی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا و زانست ڕوونکراوەتەوە، دواتر ئەنگێزەی لیبراڵیزمی نوێ و بازاڕی ئازاد و لێکەوتەی تەکنیکی نوێ بە وردی شیکراونەتەوە لە زەمینەخۆشکردن بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرکەوتنی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا، بۆ ئەم مەبەستە لە بواری پراکتیزەکردندا چەند دەقێکی ڕۆمانی کوردی بە نموونە هێنراونەتەوە و بەر ڕووناکی دراون.

## پێشەکی

بەناویەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان پێگەیەکی بایەخداری لەناو ڕەخنەی نوێدا هەیە, پەنابردنی ڕۆماننوسان بۆ بەیەکداچوونی ژانرەکان بەوە شرۆڤە دەکرێ کە پەیوەستە بە کاری ئەفراندنەوە. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی زەمینەسازی ناوخۆیی و جیهانی لە هاتنەئارای دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرەکان لە ڕۆمانی کوردیدا) تیایدا توێژەر هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: ئایا زەمینەسازی ناوخۆیی و جیهانی چ ڕۆڵێکی هەیە لە دەرکەوتنی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا؟ ئایا ئەنگێزەکانی زەمینەسازی ناوخۆیی لە چیدا کۆدەبێتەوە بۆ هاتنەئارای ئەم دیاردەیە و، کەی بە تۆخی لە ڕۆمانی کوردیدا دەرکەوتووە؟ ئایا ئەو ئەنگێزە جیهانییانە چین، کە ڕۆڵیان لە بەرجەستەبوونی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا هەیە؟

ئەم بابەتە، بابەتێکی گرنگی نێو بواری ڕۆمانی کوردییە و، دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانی کوردیدا توێژینەوەی پێویست و ورد سەبارەت بەم بابەتە ئەنجام نەدراوە.

بۆ هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕیبازی (وەسفی ـ شیکاریی) بە پاڵپشتی خوێندنەوەیەکی (سۆسیۆ-مێژوویی) پەیرەو کراوە.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە بەسەر پێشەکی و دوو تەوەر دابەش کراوە:

لە تەوەری یەکەمدا باس لە ڕەوتی کارکردن و چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و شارستانییەکان و چۆنیەتی خوێندنەوەیەکی شیکارییانە بۆ ئەنگێزەکانی دەرکەوتنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان کراوە, دواتر ڕۆڵێ زەمینەسازی ناوخۆیی بەتایبەتی ڕۆڵی ڕاپەینی خەڵکی کوردستان لە بەرجەستەبوونی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردی ئاماژەیان پێدراوە. لەگەڵ ئەمەشدا باس لە ئەنگێزەی دەزگاکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میدیا لەبارەی بەیەکداچوونی ژانرەکان کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش وەکو پراکتیزەکردن ئاماژە بە چەند دەقێکی ڕۆمانی کوردی دوای ڕاپەڕین دراوە.

لە تەوەری دووەمدا باس لە ئەنگێزەی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا و زانست کراوە. پاشان ئەنگێزەی لیبرالیزمی نوێ و بازاڕی ئازاد و لێکەوتەی تەکنیکی نوێ شیکراوەتەوە، دواتر وەکو بواری پراکتیزەکردن چەند دەقێکی ڕۆمانی کوردی بە نموونە هێنراونەتەوە. بەم چەشنە رۆماننوسانی کورد بەتایبەتی لە دوای قۆناغی ڕاپەڕین توانیویانە لە ڕێگەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان بەرهەمێکی پڕ لە ئیستاتیکا دابهێنن.

دواجار ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێك کۆتایی هاتووە، پاشان لیستی سەرچاوەکان ریزکراون و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئاماژەیان پێکراوە.

## تەوەری یەکەم

## ڕۆڵی زەمینەسازی ناوخۆیی لە هاتنەئارای

## دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرەکان لە ڕۆمانی کوردیدا

هەر دیاردەیەکی تازەی ئەدەبی، کاتێك لە چەشنی ڕایەڵەی ئاڵوگۆڕێکی بەیەکداچووی یەکجار ئاڵۆزدا پەیدا دەبێت، ئەوا کۆمەڵێك ئەنگێزە ڕۆڵ لە دەرکەوتنیدا دەبینن. بۆ وردبوونەوە لە هەر دیاردەیەکی ئەدەبی و ڕەهەندەکانی، سەرەتا وادەخوازێت ڕەوتی کارکردنمان دیاربێت و روانین و کەرەستەکانی گەیشتن بە ئامانجەکەمان لەبەرچاو بێت کە پاڵپشت بێت بە باکگراوندێکی مەعریفی و زانستییانە، تاوەکو بتوانین بیرو زەینمان بۆ ناو بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری و تەکنۆلۆژی و مەعریفییەکان بەرەو جووڵەکردن بەگەڕ بخەین، بۆ ئەوەی بەئاسانی پرۆسەی قووڵبوونەوە بۆ ناو پنتە تارمایی ئامێزەکان ئەنجام بدەین و، تێگەی تازە لە ڕێگەی کۆدە ڕووپۆشکراوەکان بدۆزینەوە کە لەناو هەناوی واقیعدا بوونیان هەیە، هەر بۆیە لەوێدا هەڵکۆڵینێکی هەڵێنجراوانەی مەعریفی لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی (سۆسیۆ- مێژوویی Socio Historique) بە مانا گۆڵدمانییەکەی بگرینەبەر، کە پێیوایە "پێوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان ئەو ژینگەیەی کە نووسەر تێیدا دەژیت و ئەو دەقە ئەدەبیانەی بەرهەمیان دەهێنێت، جیهانبینی نووسەریش لە دەقدا لەو پەیوەندییە دیالێکتیکیانەی نێوان ژینگە و دەق سەرچاوە دەگرێت" (یاسین, 1999, ل 29 ـ 30)، ئەمەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و شارستانییەکان، ئەوسات تێڕوانینەکانمان شۆڕدەکەینەوە بە شوێن هەڵگرتنەوەی دیاردە تازە تێکچڕژاوەکە و، دەیخەینە نێو تانوپۆی خوێندنەوەیەکی شیکارییانەش، بەمەبەستی لێکدانەوەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی دیاردەکە، بەمشێوەیە دەشێ دواجار بە هەندێك سەرەداوی دۆزینەوەی دیاردە تازە ئەدەبییەکە بگەین.
هەڵبەتە دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە دوای ڕاپەڕین لەناو ئەدەبی کوردی و ژانری ڕۆماندا بە تۆخی دەردەکەوێت و بە هۆشیارییەوە لەلایەن ڕۆماننووسانەوە کاری لەبارەوە دەکرێت. لێرەوە هەوڵ دەدەین کەمتر تیۆریزەکردنی چییەتیی بەیەکداچوونی ژانرەکان و زیاتر چۆنییەتی دەرکەوتنی ئاسۆکانی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردی بەرباس بدەین و هەڵکۆڵین لەناو تانوپۆی زەمینەی واقیعی دوای ڕاپەڕین بکەین.
دیارە لە دوای خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی و تۆمارکردنی داستانەکانی پێشمەرگە و قوربانیدانێکی زۆری ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە و ستراتیژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و زەبری وڵاتە زلهێزەکانی دونیا لە لێدانی عێراق، ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە 1991/3/5 دەست پێدەکات و دەسەڵاتی زەبروزەنگی عێراق لە کوردستان دەڕووخێنێت و لە هێزی زاڵەوە دەیکات بە هێزی پاشماوە. بەمەش ڕاپەڕین لە هێزی نارسکەوە دەبێت بە هێزی زاڵ و ڕۆژگارێکی تازە دێنێتەکایەوە و گۆڕانکاری گەورە بەسەر واقیعی کوردستاندا دەهێنێت. بۆیە هەر "لە سپێدەی یەکەمی ڕاپەڕیندا مرۆڤ دەیتوانی خەون ببینێت و بیر لە دونیا و مێژوویەکی تازە و باشتر بکاتەوە". (قانیع, https://drawmedia.net) بەمشێوەیە لە ساتەکانی سەرەتای ڕاپەڕیندا خەونی ئەندێشەکراوی کورد دەبێتە واقیعێکی هەست پێکراو. دوای ئەنجامدانی یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لە (1992/5/19)، باشووری کوردستان دەبێت بە خاوەن پارلەمان و حکومەتی هەرێم، هەنگاوبەهەنگاو دەزگا دادوەری و کارگێڕی و شارستانی و ڕۆشنبیرییەکانی دروست دەکات. ئەمەش زەمینەیەکی تازە و هەلومەرجێکی نوێ لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارستانی دێنێتەکایەوە. دواتر کایەی ئەدەب و هونەر جموجۆڵی تێدەکەوێت و ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی چاپ و وەشاندن و میدیا دادەمەزرێن، ئەدیب و شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووسان گوزارشت لە ئەزموونە تازەکانی خۆیان دەکەن و بەرهەمەکانی خۆیان پەخش دەکەن، بەم شێوەیە ئەدەبی کوردی بەسەر بەرهەمی تازە و داهێناندا دەکرێتەوە، واتە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنچینەیی لە واقیعی کوردستان دێنەپێشەوە، ئەمەش بە زەقی کاریگەری بەسەر کایەی ئەدەبیاتی کوردی بەجێدێڵێت، هەر وەك عەتا قەرەداغی دەڵێت: "دوای ڕاپەڕین گۆڕانکاری لە عەقڵ و تێڕوانین و جیهانبینی ئەدیب و نووسەرانی کورد ڕوی داوە، چونکە ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هەبووە". (ئیسماعیل, 2002, ل18 ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕاپەڕین وەرچەرخان بەسەر ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی دەهێنێت، ئەم وەرچەرخانانەش دواجار وادەکات ڕۆمانی کوردی زەمینەیەکی کراوەی بەڕوودا واڵا بێت و ڕووبەڕووی پەرەسەندن بێتەوە، "ڕۆمانی کوردیی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ەوە، دەروازەیەکی تری بە ڕوودا کراوەتەوە، ئەمەش بەو پێیەی لە هەر کاتێك زیاتر زەمینەی ئازادی ڕادەربڕین و چاپ و بڵاوکردنەوە فەراهەم بووە، بەدەر لەو شەپۆڵە بەرفراوانەی وەرگێڕانی بەرهەمە جیهانییەکان لە زمانە زیندووەکانی وەك ئینگلیزیی، فەڕەنسی، ئەڵمانی و ..هتد، کە پێشتر ئەم دەرفەتە لەبەردەم ڕۆشنبیرانی کورددا بەردەست نەبووە", ( خەیات, 2019, ل12 ) جگە لەمەش ڕاپەڕین بۆیەکەمجار ڕۆماننوسی ئافرەتی هێناپێشەوە کە پێشتر هیچ ئەزموونێکی ڕۆماننووسییان لەناو مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار نەکردبوو، بەمەش ژنە ڕۆماننووس دەرکەوتن و گوزارشتییان لەو کێشە و نەهامەتییانە دەکرد کە لەناو کۆمەڵگەی کوردی پێیەوە گرفتاربوون و بوونە جێگەی سەرنج، " ڕاپەڕینی (1991) دەروازەیەکی نوێی لەبەردەم بەرهەمی ژنانی کورد کردەوە، کە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە، ئەدەبیاتی کوردی، بوو بە خاوەنی چەندین تێکستی ڕۆمان، کە بە قەڵەمی ژنانی ڕۆماننوسی کورد بەرهەم هێنراون". ( خەیات, 2019, ل13 )

ڕاپەڕین لەسەر ئاستی ژیانی گشتییدا مژدەی دەستپێکی دونیایەکی نوێ بۆ کورد و کایەی هۆشیاری و ڕووناکبیریی و ئەدەبیی کوردی بە گشتی و ڕۆمانی کوردی بەتایبەتی ڕادەگەیەنێت کە تێیدا جگە لەوەی زۆرترین دەقی ڕۆمانی کوردی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا لەم قۆناغەدا چاپ دەکرێت و دەکەوێتە بەردەست خوێنەران، بۆیەکەمین جار ڕۆماننوسی ئافرەت دەردەکەوێت و شانبەشانی ڕۆماننووسانی پیاو، ڕاستەوخۆ لەچوارچێوەی بەکاربردنی هونەری وشە و ڕستەی پڕ ئیستاتیکییەوە وێنەی ئازار و هیوای خۆیان و جڤاکەکەیان دەکێشن، لاپەڕەی نەریت و تێڕوانینەباوەکان دەدڕن و بەگژ دیاردەی دزێوی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵدا دەچنەوە، بەفۆرم و تێڕوانینێکی نوێوە نەخشەی دنیایەکی تازە لەسەر تابلۆی ئاڵوواڵای خەیاڵ و هزر و هەست و سۆزیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵدەکەنن، دواجار ئەو گۆڕانکای و پێشهات و لێکەوتانەی لەدوای ڕاپەڕین دێنەئاراوە، کاریگەرییان دەبێت لە دەرکەوتنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا.

هەرچەندە ئەنگێزە بنەڕەتییەکانی دەرکەوتنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا زۆرن، تەنانەت چوارچێوەدانان بۆ ژماردنیان کارێکی دژوارە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت گرنگترینیان لە چەند پنت و خاڵێکی سەرەکییدا پوخت بکەینەوە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەنگێزەکانی ئەو هەلومەرجە تازەیەی ناو ئەدەبی کوردی و کاریگەرییەکانی بەسەر بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردی بخەینەڕوو:

## 1-1 - ئەنگێزەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان

دیارە لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینەوە هەندێك دیاردەی شۆکهێن دێنەئاراوە، نەك هەر لەلای نووسەر و ئەدیبانەوە، بەڵکو لەلای زۆرێك لە خەڵکی دەبنە مایەی سەرنج، یەکێك لەم دیاردانە تیکەڵبوونی پیاوانی جاشخائین و ئەنفالچی بوو لەگەڵ کەسایەتی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر لەناو واقیعی سیاسی و دەزگا شارستانییەکانی کوردستان وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پارلەمان و ئەنجومەنی دادوەری و ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی تۆخ و بەربڵاو بەدی دەکرێت، ئەم جاشناپاك و سیخوڕانە لە ماوەیەکی کورت لەدوای ڕاپەڕیندا شانبەشانی شۆڕشگێڕانی کورد پێگەی کۆمەڵایەتی و حیزبی بەدەست دێنن و لە پەنا پارتەکانەوە دەچنە ناو جومگەکانی حوکمڕانی و بە ئاشکرا لەناو ژیانی گشتییدا دەردەکەون و بەرگی نیشتمانپەروەری لەخۆیان شەتەك دەدەن و دەبن بە پیاوی دەسترۆیشتووی ناو دەسەڵات و ڕۆڵ لە بەڕێوەبردنی دەزگاکاندا دەگێڕن، دواجار دەسەڵاتی کوردی لەناو فۆرمی شۆڕشگێڕیی دەیانپێچێتەوە. دواجار وایلێهات بەیەکداچوونی گروپەکانی دژ بە گەل، لەگەڵ کەسانی نیشتمانپەروەر و پێشمەرگەی دێرین و وڵاتپارێز بە زەقی لە دەزگاکانی حوکمڕانی کوردستان دەربکەوێ. ئەم ڕووداوانە لەسەر شانۆی واقیعی ژیان لە کوردستان وادەکات سنووری نێوان نیشتمانپەروەر و خۆفرۆش ببەزێنرێت و پیرۆزی نیشتمان لەکەدار بکرێت. ئەمە دواتر لە ڕۆمانی کوردیدا شوێن دەگرێ و دەبێتە هۆی هاتنەئارای دەقی نوێ و بابەتی نوێوە.

لە ڕۆمانی (مەرگی مەیموون) ی ماردین ئیبراهیم دا، خوێنەر هەر ئەوە نییە لەڕووی سترکتووری واتاییەوە بەر ڕایەڵەی بە یەکداچوونی کارەکتەری خائین و نیشتمانپەروەر دەکەوێت و ئەم دوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارەکتەرە لە دوو سەردەمی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین لە ڕۆمانەکەدا لەنێو یەك کارەکتەردا بەرجەستە دەبێت، هەروەك ئەردەڵانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە کە خۆی بەشدارە لە نێو ڕووداوەکان، کاتێك وەکو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز، لەناو دەقەکەدا ڕووداوەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین لەسەر خواستی سوورەیای دولبەری دەنووسێتەوە، هەندێکجار ئەم کارەکتەرە وەك وەگێڕی هەمووشتزان و ئاگاداری ورد و درشتی ژیانی کارەکتەرەکان دەردەکەوێت و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "لەکاتی ڕاپەڕیندا ئومێدێکی زۆرمان بۆ پەیدابووەوە و گوتمان ئیتر حەق بۆ لای خاوەنحەق گەڕایەوە، بەڵام هەر زوو بارودۆخەکە قلْپ بووەوە. ئیتر خەونی سزادانی خیانەتکاران بوو بە تۆز و شتێك بوو کەس چیی تر باسی نەدەکرد. کاتێك بۆ یەکەم جار گەڕامەوە ولاَت، بینیم ئەوانەی لەشاخ لەگەڵ ئێمەدابوون، لەگەڵ شۆفار و خائینان و مرۆڤکوژاندا کەوتوونەتە ڕێکەوتنێکی جەهەندەمییەوە. مەلا عەزیز، کە ئیتر پێیان دەگوت ئوستاز عەزیز، باعیسی کوژرانی منداڵانی غەمگین و ئەندازیاری وێرانکردنی ژیانی من و سورەییا، ببووە بەرپرسێکی دیاری حیزب و لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا گوتاری دەدا" . ( ڕۆمانی مەرگی مەیموون, 2019, ل107 )  بۆیە لە ڕۆمانەکەدا ئەردەڵانی کارەکتەر بە دەستی خۆی ئوستاز عەزیزی خائین دەکوژێت، کە دەستی لە تیربارانکردنی چل منداڵی بێ گوناە و شێواندنی ژیانی ئەودا هەیە.

جگە لەمە لەڕووی ستراکتووری هونەرییەوە دەبینین لەم دەقەدا بەیەکداچوونی ڕۆمان و تابلۆی هونەری هاتۆتەکایەوە، کاتێك چل منداڵەکەی شار کە لە سەردەمی پێش ڕاپەڕین و حوکمڕانی بەعس بە تۆمەتی خیانەت لە نیشتمان بە پلانی کارەکتەری مەلا عەزیزی خیانەتکاری نێو ڕۆمانەکە، لە شەوێکی بارانییدا تیر باران دەکرێن و، ئەو شەوە تاکو بەیانی تەرمەکان بە دارەکانەوە دەمێننەوە، ئەمە بە دیوێکدا دیمەنێکی تراژیدی و ترسناك دەنوێنێ، بە دیوێکی دیکەدا ڕۆماننووس بەرائەت و ستەمی تیربارانکردنی ئەو منداڵانە و بەتایبەتی کارەکتەری مەیموون تێکەڵ بە تابلۆیەکی هونەری هونەرمەندی هۆڵەندی (ڕۆجەر ڤان دێر وایدن ـ Rogier van der Weyden) (1400 ـ 1464) دەکات، بەمەش ڕۆماننووس وەکو تەکنیك بۆ بەهێزکردنی دیمەنەکە بەکاری بردووە و تێکەڵ بە ڕۆمانەکەی کردووە.



وێنەی (1) تابلۆی (داگرتن لە خاچ) ی هونەرمەند رۆجەر ڤان دێر وایدن

بەمرِنگە رۆماننووس دیمەنی تیربارانی چل منداڵەکە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو کە " وەك ئەوە وابوو لەناو مۆزەخانەیەکی تاریکدا کەسێك بۆ ساتێکی کەم و خێرا و تێپەڕ رۆشنایی لایتێك بگرێتە تابلۆی داگرتن لە خاچی رۆجەر ڤان دێر وایدن، کە تێیدا نۆ کەس، چوار ژن و پێنج پیاو، خەریکن مەسیحی لەخاچدراو لە خاچەکەی دادەگرن و لە دۆخێکی هێندە سامناکدا وێنەی کێشراون، کە هەندێکیان تا ڕادەی بوورانەوە تازیەبارن. شێوازی کەوتنی مەیموون بە لادا و نووشتانەوەی ئەژنۆکانی و ئەو ئازار و غەدرەی هەڵی گرتبوو، کتومت لە مەسیح دەچوو لە تابلۆکەی دێر وایدندا". (رۆمانی مەرگی مەیموون, 2019, ل29 ـ 30 ) بەمەش تابلۆ هونەرییەکە وەکو تەکنیك لە رۆمانەکەدا خراوەتەڕوو و بەیەکداچوونی رۆمان و تابلۆی هونەری بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی لەیەکچووونی ئازارچەشتنی دوو کەسی ستەملێکراو و بێتاوانی وەکو کارەکتەری مەیموون و حەزرەتی مەسیح خراونەتەڕوو دواجار رۆماننووس پیرۆزی ئایینی بە کارەکتەری مەیموون بەخشیووە، کەواتە بەیەکداچوونی تابلۆی هونەری بە رۆمانەکە، ئەو چوارچێوە ڕەنگینەیە کە بە وزەی وشە ڕوونکراوەتە بەبێ ئەوەی مانا و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەونەقی خۆی لەدەست بدات، چونکە گوزارشتە لەو ساتەوەختانەی کارەکتەری ڕۆمانەکە تێیدایە و بەرجەستەی بەشێکی ژیانی دەکات.

سەرباری ئەمەش هەر لەدوای ڕاپەڕین دەبینین ئەم کەشە بە دوور نابێ لە ناشرینکردنی خەونی دوای ڕاپەڕین، هەروەك چۆن دەبینین " دونیای دوای ڕاپەڕین بە ڕادەیەک ناشیرینکرا، “ نەفرەتکردن لە ڕاپەڕین” بوو بە دیاردەیەکی سیاسیی سایکۆلۆژیی بەرچاو و وەک دەرکەوتێکی تایبەتی ”نەفرەتکردن لە خود“ خۆیشی، بووە بە بەشێک لە سایکۆلۆژیا و زمان و تێگەیشتنی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێمە". (قانیع، (https://drawmedia.net) تاوای لێدێت کەسانی مرۆڤدۆست و نیشتمانپەروەری پاك و دڵسۆزانی وڵات لە نیشتمان بتۆرێن، "ئەگەر پیاوێك ناپاکی لە نیشتمان بکات، با نیشتمان زۆریشی پێ بەخشی بێت، سزا نادرێت، پاداشت دەکرێت."(حەسەن, 2018، ل 157) دواجار ئەم واقیعە سنووربەزێنە، کاریگەریی خۆی بەسەر نووسەر و ئەدیبان بەجێدێڵێت هەروەك لوسیان گۆڵدمان (1913ـ 1970) پێیوایە واقیع بە قووڵی دەستی لە ڕۆنانی پێکهاتەی زەیینی نووسەردا هەیە، واتە ئەو واقیعەی " کە نووسەرێك تێیدا دەژیت لە بونیادی زەیینی نووسەرەکەدا ڕەنگدەداتەوە", (یاسین, 1999، ل 19) بۆیە ئەم واقیعە نەخوازراوەی دوای ڕاپەڕین درێژە دەکێشێت و دواجار مرۆڤی تۆراو لە نیشتمانی دروست دەکات، هەر ئەمە وا لە ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن دەکات بڵێت: " نیشتمان درۆیەکی گەورەیە، نیشتمان هی تۆ نییە، هی خەڵکی دیکەیە..هەروەك ماغوت ی شاعیری سووری دەڵێت هیچ شتێك نامبەستێتەوە بە نیشتمان تەنها پێڵاوەکەم نەبێ." (حەسەن,2021 ) ئەم ڕاستییانە دەشێ ئاگر لە هەست و هزر و زەینی ئەدیب و ڕۆمانووسان بەردەن لە بەزاندنی سنوورەکان*، واتە بەزاندنی ئەم سنوورانە بێکارییگەری بەسەر ڕەوتی ئەدەبی کوردی بەگشتی و ڕۆمانی کوردی تێناپەڕێت، بەڵکو ڕۆماننوسانی کورد جگە لەوەی بە گژ واقیعی باودا دەچنەوە، لە هەمان کاتتدا ژانری ڕۆمان لە ژانرەکانی دیکە لەبارتر دەبێ بۆ هەزمکردنی و، دەبێتە وەڵامدەرەوەی سەردەمەکە، بۆیە دەبینین دیاردەی بەناویەکداچوونی ژانرە

---

* هەموو ئەمانەش بەمانای ئەوە نایەت کە ئەزموونی پارتە کوردستانییەکان و دەسەڵاتی کوردی ڕەونەقە نیشتمانی و نەتەوەیی و وڵاتپارێزی و ئەخلاقییەکانی دۆڕاندبێت، بەڵکو دەبینین گەلی کوردستان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانی و دۆزە ڕەواکەی پاشەکشەی نەکردووە، چونکە خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە 2017/9/25 بە ڕێژەی (93%) دەنگی بە سەربەخۆیی کوردستان دا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەدەبییەکان لە رۆمانی کوردیدا بە ئاگایی و هۆشمەندییەوە لەلایەن ڕۆمانووسانی کورد دێتەکایەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دیاردە ئەدەبییە لە هیچەوە نەهاتووەتە ناوەوە، بەڵکو هەڵومەرجەکە ڕێخۆشکە دەبێت و کاریگەری دادەنێ لە سنووربەزاندنی نێوان ژانرەکان و دەرکەوتنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان، واتە ڕۆمان دەبێت بە کۆکەرەوەی ژانرە لێکجیاوازەکان و دەچێتە ناو سنووری ژانرە هونەریی و کەلتورییەکانیش، دواجار ڕۆمان دەبێت بە نیشتمانی زۆربەی ژانرەکان، بۆیە دەبینین خوێنەر لەناو ئەم دیاردە ئەدەبییە هاوچەرخەدا هەر تەنیا ئاشنای یەك ژانر و ڕەگەزی ئەدەبی نابێت، بەڵکو لەنێو دەقی ڕۆمانەکەدا دەشێ حەکایەتێك، تابلۆیەکی هونەری، دیمەنێکی سینەمایی، دیالۆگێکی یەك پەردەیی شانۆنامەیەك، پارچە شیعرێك، گۆرانییەکی فۆلکلۆری، کۆپلە حەیرانێك، شیعری شاعیرێکی ناودار، سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، بۆیە لێرەدا دەبینین مەرج نییە هەر تەنیا کەشی ئەرێنی و پەرەسەندنی کایە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە بە قازانجی پرۆسەی داهێنانی ژانرێکی ئەدەبیدا بشکێتەوە، بگرە هەندێکجار هاتنەئارای کەشێکی ناهەموار و نارەوا دەشێ ڕۆڵ لە گۆڕانکاریی ئەدەبی ببینێت و بەرەو پەرەسەندن و داهێنانی زیاتری ئەدەبی و هونەری ئاراستەی بکات و ببێتە چاوگێك بۆ پرۆسەی ئەفراندنی هونەری.

ناشێ توانا و بەهرەی ئەدیب و ڕۆماننووسانی کورد و کرانەوەیان بەسەر دونیایەکی نوێ و پەرەپێدانی توانا خودییەکانیان فەرامۆش بکەین، بەوەی دەشێ وزە خودییەکانی ڕۆماننووسانیش لەبەرچاو بگرین نەك چاو لە بەهرە و بلیمەتیی ئەفراندنکارییانەی ئەوان بپۆشین، چونکە دەبینین لە دوای ڕاپەڕینەوە دەرگای جیاجیا بەڕووی رۆماننووسانی کورد دەکرێتەوە، بۆ زیاتر ئاشنابوونیان بە ڕەوتی هزری نوێ و تیۆرە تازەکانی ڕۆمانی نوێی جیهانی چ لە ڕێگەی کۆچکردن و بەزاندنی پەرژینی نێوان وڵاتان و گەیشتنیان بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و فێربوونی زمانی تازە، یاخود لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، چ لە ڕێگەی دەستکەوتنی سەرچاوەی تازە و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بێگانە، چ دەرکەوتنی نووسەرانی بلیمەت و داهێنەر کە ڕێکەوتنە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆیان تێکدەشکێنن و ڕێگەی دیکەی نووسین دەدۆزنەوە " هەندێك کات هونەرمەند و ئەدیبە مەزنەکان دەستکاری ڕێکەوتنەکان دەکەن و ڕەچاوی بەشێك لە ڕێکەوتنەکان ناکەن و لە بەرامبەردا خۆیان ڕێکەوتنگەلی دیکە دێننە ئاراوە، بەمەش وردە وردە بارێکی نوێ دروست دەبێت." (شمیسا, 1387، ص 32.) هەموو ئەمانەش کاریگەریی بەسەر ژانری ڕۆمان بەجێدێڵێت کە دواجار وادەکات فۆرمی نوێی ڕۆمان و تەکنیکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گێـڕانەوەی تـازە دەربـکەوێ. لێـرەوە ڕۆماننووسـان چیتـر ڕازی نـابن بەڕێگەیەکـی تەقلیـدی ڕۆمـان بنووسـن، ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ" بێزاربـوون و پەسـتییەکی تونـد لە پەیڕەوکردنـی نووسـین لە جۆرێکی کـۆن و باونەمـاو, " (الفریجـات, 2007, ص 26.) بەمەش ڕۆماننوسـان دەتـوانن لە ڕێـگەی شکاندنی سنووری نێوان ژانرەکان و ئاشـنابوون بە تیـۆری نـوێ دەربـارەی بەیەکـداچوونی ژانرەکـان، ڕۆمانی ئەفرێنەر بەرهەم بهێـنن، " بەهـۆی پێشـکەوتنی تیـۆر و میتـۆدی ژانـرە ئەدەبییەکـان، گەلێـك گۆڕانکاری لە بونیادی ژانرەکـان ڕوویانـدا, " (مەنتـك, 2013، ل 258.) یـاخود ئاشـنابوونی زیـاتر بە ئەدەب و هـونەری تـازەی ڕۆژئاواییەکـان و توانـای ڕۆماننوسـان لەو داهێنـانەی بۆیـان مـاوەتەوە یـان وەریان دەگرن، لەگەڵ گونجاندنی ئەو خواستە نوێیـانەی هەیـانە. هەمـوو ئەمـانەش پەیوەسـتن بەو حەقـیقەتەی کە هاتنەکـایەوەی هەر هەلـومەرجێکی تـازە و دەرکەوتنـی گۆڕانکـاری لە هەر ژانرێکـی ئەدەبیـدا، بەشـێکی دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو واقـیعەی ڕێـگەی بۆخـۆش دەکـات و وەک پێویسـتییەکی واقیعی سەردەم دەردەکەوێت، جگە لەمەش نووسەری بلـیمەت، سـەردەمەکان تێـدەپەڕێنن " یەکێـك لە باسە گرنگەکانی تیۆری ژانرەکان ئەوەیە کە چەمکی ژانر لە پاش سەرهەڵدانی نووسەرانێکی مەزن گـۆڕانی بەسـەردا دێـت و بە شـێوەیەکی گشـتی دەشـێ بڵێـین ژانرەکـان لە سـەردەمە جیاوازەکانـدا دەگۆڕێن." (شمیسا, 1387، ص 19) کەواتە دەرکەوتنـی ڕۆماننووسـانی داهێـنەر ڕۆڵ لە سـازاندنی دۆخێکی تازەی داهێنانکاری دەبینن.

## 1-2- ئەنگێزەی دەزگاکانی میدیا

هەڵـبەتە ڕاگەیانـدن و تەکنۆلۆژیـا یارمەتیـدەرێکی زۆر گەورە دەبێـت بـۆ هۆشـیارکردنەوەی تـاك و گۆڕانی فۆرمی کۆمەڵگە. دامەزرانـدنی کەنـاڵی تەلەڤزیـۆنی و ڕاگەیانـدنی نـاوخۆیی کـوردی لە دوای ڕاپەڕیـن و تێکەڵـبوونی ئایـدۆلۆژیای جیـاواز و گـرتنەبەری ڕێـگەی جیـاوازی خەبـات لەلایەن پـارتە کوردستانییەکان لە فۆرمی چەکدارییەوە بۆ خەباتی شارستانییانە و خەبـاتی فـۆرمی سـندووقەکانی دەنگدان و دیپلۆماسییەت و کـردنەوەی دەزگـای ڕۆشـنبیری و دەرکردنـی گۆڤـار و ڕۆژنـامە و ڕادیـۆ، پاشـان دانـانی کەنـاڵی سـەتەلایتی دیجیتـاڵی جیهـانی و کـرانەوە بە ڕووی جیهـانی پێشـکەوتوو و گەیشتن و دامەزراندنی ئامرازەکانی گەیاندن لە کوردستان، هەموو ئەمانە کاریگەری دروسـت دەکەن و دەبنە زەمینەی گۆڕانێکی بەرچاو لەناوکۆمەڵگەی کوردیی، " دروسـتبوونی ئەو ئـامراز و ئـامێرانەی

کە هاتونەتە نێو کۆڕبەندی ئەو پێوەندییانەوە و بوونەتە بە بەشێك لە ڕایەڵەکانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە، ڕۆڵی کارایان لە گەشەکردنی ژیار و شارستانییەتی مرۆڤایەتی بینیوە، لە هەمان کاتیشدا بوونەتە بەشێك لە پێداویستییەکانی ژیانی خودی مرۆڤ و ئیدی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك توانای ئەوەی نەبووە دەستبەرداری ببێت و لێی جودا ببێتەوە," (ڕەحمان, 2014، ل 106 ) هەربۆیە دەبینین ڕۆمان لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیا نەك هەر پێشدەکەوێ، بەڵکو کاریگەریش دەبەخشێت، " لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و چەرخی خێرایيشدا ئەوا ڕۆمان ماددەی خامی یان هەوێنی سینەما و درامای تەلەفزیۆنی و شانۆ و هونەرەکانی ترە و هیچ لێك دابڕانێك لەنێوان ئەم هونەرانەدا نییە و لەگەڵ چەرخی خێراییشدا ڕۆمانیش پێش دەکەوێ." (رەشید, 2007، ل 5) دواتر کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی تۆڕەکانی گەیاندن و تەکنۆلۆژیادا بەسەر کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دونیا دەکرێتەوە و تێکەڵبوون لە زۆر بواردا ڕوودەدات، ئەمەش لە شێوەی شۆڕشێکی تەکنۆلۆژی خۆی دەنوێنێت " لە سەردەمی شۆڕشی زانیارییەکاندا پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ خێراییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بە ڕادەیەك سنووری فراوانی ژیانی مرۆڤیان داگیرکرد و جیهانیان لە چەندین کیشوەرەوە کردە گوندێکی بچووك و ئەوەی وەکو خەونێك وابوو کرا بە کەتوار، ئەو ئامرازانەش وەکو کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایل و سەتەلایت بوونە بەشێك لە ژیان و پێداویستییە سەردەمییەکانی مرۆڤی ئێستە و تەواوی کار و کردەوەکانیان کۆنترۆڵ کردووە." (ڕەحمان, 2014، ل 107 -108)

کاتێك ئەم شۆڕشە گەورەیە لە ئامرازەکانی گەیاندن دێتەکایەوە و دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی دووری نێوان مرۆڤەکان و گواستنەوەی جیهان وەك ئەوەی لە فۆرمی گوندێك بچێت، لە ئەنجامدا هەر تاکێك بتوانێ پەیوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ هەر تاکێك لە دونیای دەرەوە بکات، " لەسەردەمی دیجیتاڵدا ئەو فۆرمە کلاسیکییەی نێوان (نێرەر ــ وەرگر) کە لە شێوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دەمانبینی تێکدەشکێت، وەرگر و گوێگرەکان دەتوانن ببن بە نێرەر و خاوەن پەیام، ئەو شێوەیە لە دیموکراسییەت کە کەسانی وەك والتەر بنیامین و هابرماز خەونیان پێوەدەبینی، تا ئەندازەیەك لە ڕاستی نزیکدەبێتەوە."( عەلی, 2021، ل 54) هەموو ئەمانە وایکرد بەئاسانی بواری هزری و مەعریفی و کلتوری ئەدەبی و بەهاکان بگوازرێنەوە، پاشان گۆڕانی چێژەکان رووبدات و سنووری ناوخۆیی بۆ بە جیهانیبوون ببەزێنرێت و ئازادی ڕادەربڕین گەشە بکات و سنوورەکان بە ئاسانی

تێکبشکێنرێت، چونکە دەزگاکانی میدیا و تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورە لە گۆڕینی چێژ و نزیککردنەوەی زەوق و سەلیقەی وەرگر دەگێڕن، ئەمانەش لەلایەن نووسەرانەوە دەبنە " هاندان بۆ چوونە شوێنی تخوننەکراو لەناو پانتایی هونەر و ئەدەبدا, " (الفريجات, 2007, ص 26) هەر بۆیە دەبینین لە ڕۆمانی کوردیدا فۆرمی سنووری ژانرە ئەدەبییەکان دەبەزێنرێت و بەیەکداچوونی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان و فرە دەنگی ڕوودەدات " بۆ ڕۆمان، بونیادی ئاوێتەکردن یەکێکە لە لایەنە ئیستاتیکییەکانی تەکنیکی فرەدەنگی، کە ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت، مەبەست لێی ئەوەیە ڕەگەزی دیکەی ئەدەبی بۆ نێو ڕۆمان بگوازینەوە، جا ڕەگەزی گەورە، یان ورد بێت، وەکو: حیکایەتی میللی و فۆلکلۆری، ئەفسانە، داستان، شیعر، پەندی پێشینان، شانۆگەری، سەفەرنامە، نامە، چیرۆکە هەواڵی نێو ڕۆژنامەکان...تاد. ئەم بونیادەیش پشت بە لێکدانی توخم و ڕەگەزی ژانرە ئەدەبییە لێکجیاوازەکان، لە چوارچێوەی گێڕانەوەیەکی تەواو، کە یەکێتیی بابەتی تێدا بێت، دەبەستێت." (مەنتك, 2013، ل 258- 259)

لەم بارەیەوە دەبینین سەلاح عومەر لە ڕۆمانی (وڵاتی تارمایی) کە لە ساڵی 1996 بڵاوی کردووەتەوە، نموونەی شیعرێکی کەریم دەشتی شاعیری ئاوێتەی بونیاتی دەقی ڕۆمانەکەی کردووە بۆ گوزارشتکردن لە تەنیایی و بێزار بوون لە واقیع و تەواوی سەر زەمین، بەمەش پەنا بۆ باڵندەکان دەبات بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەتەی دەروونییەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە تێیدایە، کە هەموو تەمەنی گەنجی خۆی وەکو بەندییەك لەناو گرتوخانە بەسەر دەبات، بۆیە کاتێك چاوی بە ڕەوە باڵندەیەکی گەورەی دەهەزاری یان زیاتری باڵندە و قولینگەکان دەکەوێ کە بەسەر سەری ڕەتدەبن، دەکەوێتە دیالۆگ لەگەڵیان:

" مەڕۆن مەڕۆن قولینگەکان
ئێوە خەڵکی کام وڵاتن؟
ئاوا بەلەز کۆشکی خەیاڵم دەڕمێنن
نا نا مەڕۆن
تا بۆ دواجار شەختەی تەنهاییم بشکێنن...
قولینگەکان...
خۆ ئێوە شاخ و دژە زەنوێری زۆرتان دیوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ لەلای من قەرار ناگرن
ئەگەر ئێوە بڕۆن. دنیا خاپوور دەبێ و بەسەر ڕۆحی مندا دەکەوێ،
دەبێتە شەوەزەنگ.
کەون تاریك دادێ
ئاسمانیش لە مەلان تەنگ دەبێ
باشوکەی قەڵایان تۆیان دەبڕێتەوە
کۆڕەی قولێنگان بەم ناوە ڕەت نابێ" (ڕۆمانی جەنگ, 2008، ل 52 -53)

بەم چەشنە دەبینین ڕۆمان ئامێزی نەرمونیانی خۆی بۆ شیعر کردۆتەوە و شیعرەکە بە فۆرمی خۆیەوە لەناو ڕۆمانەکە وەکو خۆی لەسەر شێوازی تێهەڵکێشان دەرکەوتووە و، گۆڕانی بەسەر پرۆسەی گێڕانەوە و فۆرم و تۆپۆگرافیا و تەلاری ڕۆمانەکەدا هێناوە و یەکنەوا بەناو وشەو ڕستە و ماناکانی دەقەکەدا تێپەڕیووە و هەماهەنگیی لەنێو ستراکتووری واتایی ڕۆناوە، هاوکات بە ڕیتمی دونیای شیعرەوە، ئیستاتیکایەکی سەرنجڕاکێشی بە دەقەکە بەخشیووە و ڕووبەری سپیایەتی فۆرمی لاپەڕەکەی لە هەمبەر ڕووبەری ڕەشایەتی سەرکاغەز زیاتر کرووە. جگە لەمەش ڕۆماننووس توانیویەتی شێوازەکانی نووسین بگۆڕێت و وەستانێك بە ڕەوتی گێڕانەوە ببەخشێت و پشوویەك بە خوێنەر بدات و جوانییەك لەناو دەق پەخش بکات. هەڵبەتە ئەمەش بەبێ‌مەبەست نییە، بەڵکو ڕۆماننووس بە هۆشیارییەوە ئەو کارە هونەرییەی ئەنجامداوە بۆئەوەی گوزارشت لە حاڵەتێکی تایبەتی بکات و لە ڕێگەیەوە کەموکوڕییەکانی سەردەمی نوێ، لە شێوەی نامۆبوونی مرۆڤ لە دەوروبەرەکەی، وەك دیاردەیەکی جیهانی بخاتەڕوو.

## تەوەری دووەم
## ڕۆڵی زەمینەسازی جیهانی لە هاتنەئارای دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرەکان لە ڕۆمانی کوردیدا

### 2-1- ئەنگێزەی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا و زانست

پێشکەوتنی زانست و تێکەڵبوونی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ بە زۆربەی کایە زانستییەکان، بە تایبەتی سوودوەرگرتنی بواری پەروەردە و فێرکردنی هاوچەرخ لە تەکنۆلۆژیای نوێ لە دەزگا شارستانییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و زانکۆ گەورەکانی دونیا و تاقیگە زانستییەکان، وا دەکات لە توێژینەوە نوێیەکاندا زیاتر پشت بە تەکنۆلۆژیا ببەسترێت، بەمەش تەکنۆلۆژیا بە قووڵی دەچێتە ناو زانستە مرۆڤایەتی و سروشتییەکان، لەوێشەوە کایە زانستییەکان پێشکەوتنی گەورە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بەدوای خۆیاندا بەجێدێڵن. بەم چەشنە کاتێك زانستە سروشتییەکان بەتایبەتی بواری پزیشکی لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە پێشکەوتنی مەزن تۆمار دەکەن، نەك هەر لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە زوو نەخۆشییەکان دەدۆزنەوە و چارەسەرییەکان بە ڕێگەی ئاسانتر پەیڕەو دەکەن، تەنانەت لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخەوە، دەبینین ئەمڕۆ بووەتە کارێکی ئاسایی کاتێك زانستی پزیشکی کار لەسەر گۆڕینی ئەندامە هەستیارەکانی مرۆڤ دەکات و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکەی دەگوازێتەوە و تێکەڵ بەیەکیان دەکات، بۆیە هەمـوو ئەم پێشکەوتنە خێرایانەی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ، ڕۆڵ لە زەمینە خۆشکردن بۆ تێکەڵبوونی ژانرە ئەدەبییەکان دەبینن.

لە ڕۆمانی (مەرگی مەیموون) ی ماردین ئیبراهیم دا، دەبینین بەیەکداچوونی پێشکەوتنەکانی بواری زانست و تەکنۆلۆژیا و ئەدەب هاتۆتەئاراوە، تێیدا خوێنەر بەر تێکەڵبوونی ڕەهەندی جەستەیی و ڕۆحی و گۆڕانی هەڵسوکەوت و گواستنەوەی بەهرەکانی مرۆڤ دەکەوێ، کاتێك چاندنەوەی دڵ بۆ زڕبراکەی کارەکتەری ئەلبێرت لە ڕۆمانەکە دەکەن، کە ئەو زڕبرایە زۆربەی ژیانی لەناو سوپا بە سەربردووە، بە شێوەیەکی سەیر کاریگەریی بەیەکداچوونی دڵی مرۆڤێك بە جەستەی ئەو کارەکتەرە دەردەکەوێت: " دکتۆرەکان دوای کارەساتێکی ئوتۆمبێل، کە سەری کوڕێکی شاعیری تێدا پان ببووەوە، توانیبوویان فریای دڵی کوڕەکە بکەون و بۆ زڕبراکەی ئەلبێرتی دابنێن. ماوەیەك دوای نەشتەرگەرییەکە، کە شیعرەکانی تی ئێس ئیلیەت و ئێدگار ئالان پۆی لەبەر خۆیەوە خوێندبووەوە، ئەلبێرت و ئەوان وەك وڕێنەی پیاوێکی خەڵەفاو سەیریان کردبوو، بەڵام وردەوردە شتی سەیرتری لێ دەرکەوتبوو، خووی دابووە گوێگرتن لە سیمفۆنیاکانی بیتهۆڤن، سۆناتا تووڕەکانی مۆزارت، تۆنە هێمنەکانی چایکۆڤسکی، کڕینی کوڕاسەی تایبەت بە تابلۆکانی سەردەمی کلاسیك، دانیشتن لە حەوشە و سەیرکردنی باڵندەکان، گریان بە دیار دیمەنی غەمگینی فیلمەکانەوە. ئیتر لەوە دەرچووبوو کە تەنیا نەشتەرگەرییەکی دڵ بووبێت، بەڵکوو وەکوو ئەوە وابوو ڕۆحی ئەو گەنجە لە جەستەی ئەودا دۆنادۆنی کردبێت." (ڕۆمانی مەرگی مەیموون،2019، ل 49 ــ 50) بەم چەشنە دەبینین لە ڕۆمانەکەدا شێوەی بەیەکداچوونەکە هەم لە ڕووی جەستەیی هاتۆتەئاراوە هەم زانست و تەکنۆلۆژیا

بـووەتە فـاکتەری گواسـتنەوەی وزە و بەهـرەی ئەدەبـی و هـونەری کە ڕەنگـدانەوەی بەسـەر دوو کارەکتەر بەجێهێشتووە و گۆڕانی بەسەر بونیاتی کەسایەتییەکەیاندا هێناوە و کەشێکی جوانییشـی بە دەقەکە بەخشیووە. ئەمەش گوزارشتە لەو پێشکەوتنەی زانست و تەکنۆلۆژیـا خوڵقانـدوویەتی کە ڕۆڵـی بایەخـدار لە بەرهەمهێنـانی کارەکتەرسـازی مـرۆڤ و گـۆڕینی بـۆ مرۆڤێکـی دیـکە دەبینێـت، هاوکـات بەرزی پـێگەی ئەدەب و هـونەر دەردەخـات کە چـۆن بە قـووڵی بە ڕۆح و بـوونی مـرۆڤ ڕۆدەچێت و دەبێتە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی بوونی مرۆڤ و دواجار کارەکتەری جوان لەنـاو ژیـان بەرهەم دێنێت.

## 2-2- ئەنگێزەی لیبڕالیزمی نوێ و بازاڕی ئازاد و تەکنیکی نوێ

لە ڕەهەنـدی جیهـانییەوە، پەلوپۆهاوێشـتنی بەرفراوانـی دەسـەڵاتی لیبڕالیزمـی نـوێ و سیسـتەمی کەپیتالیزمی جیهانی لە سەر ئاستی جیهان، لەکاتێکـدا کە میتـۆد و فیکـر و فەلسـەفەیەکی تـایبەت بەخــۆی هەیە، دەســەڵاتی خــۆی بەشــێوەی جۆراوجــۆر بەســەر وڵاتــانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئــاوا بڵاودەکاتەوە، لێکەوتەی ئەم دەسەڵاتە دەبێتە مایەی دەرکەوتنی جیهانگیری، جیهـانگیریش وادەکـات زۆرشـت بەبـێ ویسـتی مـرۆڤ بێتەنـاو ژیـانییەوە، تەنـانەت زۆرشـت بچێـتە نـاو ژیـانی کـۆمەڵ و نەتەوەیەك و کارتێکردنی خۆی دابنێت، بەمەش دەبینین ئەمڕۆ جیهانگیری و حوکمی بانکە گەورەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان بە قووڵی چوونەتە ناو ژیانی تایبەتی تاك و کۆمەڵ، بۆیە حوکمی ئەو بانك و کۆمپانیایانە بە ڕوونی لەنێو ژیانی گشتی دەردەکەوێت و لەڕێگەی کارکردن لە بواری فەراهەمکردنـی ئازادی بازاڕەوە سنووری نێوان وڵاتان دەبەزێنن و کاریگەری دادنێن. بەمڕەنگە دیارە لە قۆنـاغی دوای ڕاپەڕین لە کوردستاندا " پەیدابوونی بازاڕی ئازاد، پەیدابوونی سەدان کۆمپانیـا و پـرۆژەی وەهمـی و ڕاست، هەموو بوونە هـۆی داڕووخـانی کـۆمەڵگەی لادێ و کولتـووری سـادە و سـاکاری جووتیـارانەی کوردستان و دووبارە دابەشبوونەوەی سامان و پەیـدابوونی چینـی ناوەڕاسـتی کـۆمەڵگەی کـوردی، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی ڕاستەقینە لەدایك ببێ، کە تـازە خەریـکە ڕوو لە پیشەسـازی دەکا." (ڕۆژبەیانی, 2011، ل 8) بۆیە دەسەڵاتی لیبڕالیزمی نوێ و سیسـتەمی کەپیتـالیزمی جیهـانی لە ڕێـگەی حـوکمڕانی بانـك و کۆمانیـا و کەرتـی تـایبەتەوە بەهێواشـی کاردەکـات و سـەرەتا پەرە بە تۆڕەکانی گەیاندن و میدیای ئازاد و سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان دەدات و جـێگەی خـۆی

دەکاتەوە، بەمەش تەوژمی ئەو دەسەڵاتە جیهانییە کۆمەڵێك خاسیەت و سیفەت لەگەڵ خۆی دێنێ و لەشێوەی هێزی سڕینەوەدا دەردەکەوێت و لە دەرەوەی مۆرکی نەتەوەیی و کۆمەڵگە و خێزانەوە جێکەوتەکەی بە تاکەکانەوە دەلکێت و کاریگەری خۆی بەسەردا بەجێدێڵێ، ئەم کاریگەرییە بەشێکی لێکەوتەکانی بە زوویی دەردەکەوێ و بەشێکی دیکەی بەرە بەرە هەستیان پێدەکرێ، لە ئاکامدا کاریگەریی ئەم دەسەڵاتە جیهانییە، دەسەڵاتی فۆرمی تەقلیدی و کۆمەڵگەی خاوەن بەها و پرەنسیپەکان لاواز دەکات، شانبەشانی ئەمە تەنیا بایەخ بە فۆرمی سەرمایەگوزاری و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات " بەناوی بەجیهانی بوونەوە باس لە بەجیهانی بوونی سەرمایە دەکات." (ئیسماعیل, 2002، ل 12) بۆیە ئەم دەسەڵاتە بەڕوونی تاکی خاوەن پرەنسیپ و بەها جوانەکان فەرامۆش دەکات، بەڕوونی کار دەکات تاوەکو شوناسی نەتەوەیی ورەگ و کولتووری تاك بسڕێتەوە، تەنانەت دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هاوڵاتییان کاڵ دەکاتەوە، ئەمەش هەستی نامۆیی قووڵتر دەکاتەوە. لە ئەنجامی ئەمەدا دەبینین لە کوردستان " کۆمەڵگەیەکی ناموتەجانس لە شارە گەورەکاندا هاتەکایەوە و، ئیتر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گەرموگوڕانە و ئەو بەها و نەریتانە لەنێوچوون، یان بەرێوەن لەنێو بچن کە جاران خەڵکیان پێکەوە گرێ دەدا." (ڕۆژبەیانی, 2011، ل 8) بەمەش دەبینین فۆرمی پەیوەندی نوێی هەڵوەشاوە دەردەکەوێت، بۆیە بەو پێیەی کە " جیاکردنەوەی ئەدەب لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و هەزرە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان بە مەحاڵ دادەنرێت." (ویلیك و وارین, 1987. ص 97) ئەوا دەبینین هەڵوەشانەوەی ئەم بنیاتە و کاریگەرییە هزرییە جیهانییەکە بۆ ڕۆمان وەکو وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم لەبار دەبێت. لێرەوە ڕۆمان دەتوانێ بچێتە ناو کایە قەدەغەکراوەکانی بواری ئابووری، ڕامیاری، ئایینی، ئیرۆتیکی و زایەندی، تا دەگات بەوەی زیاتر لە کولتورە نەتەوەیی و بەها کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبییەکان یاخی بێت و سنوورەکان ببەزێنێت و دواجار ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە لەناوخۆیدا بتوێنێتەوە، هەموو ئەمانەش دەبن بە ئەنگێزە بۆ دەرکەوتنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەناو ڕۆماندا.

لەتەك ئەمەشدا دەبینین فۆرمی نەوەیەکی تازەی گۆشکراو بە تەکنیکی پێشکەوتووی دیجیتاڵی وەك لێکەوتەی لیبراڵیزمی نوێ و سیستەمی بازاڕی ئازاد دەردەکەوێت، لەکاتێکدا ئەم نەوەیە زیاتر ئارەزووی ئامێری زیرەك و ئەو یارییە ئەلیکترۆنییانە دەکەن، کە کۆمپانیا جیهانییەکان لە ڕێگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروستکردنی تەکنیکی نوێ و دیزاینی هاوچەرخ بەرهەمیان دێنن، ئەمەش فۆرمێکی نوێ بە ژیانی نەوە تازەکە دەبەخشێت کە پەیوەستە بە خواستی سەردەمەکەوە. بەمەش هەر زوو نووسەران هەست بەوە دەکەن کە بە تەکنیکە تەقلیدییەکان ناتوانن گوزارشت لە ئەزموونە نوێیەکانیان بکەن، کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ " شەکەتی ئەو ژانرە لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی سەردەمێك لە سەردەمەکان." (الفريجات, 2007, ص 26) لەم بارەیەوە ڕۆمان هەمیشە وزەی تازەبوونەوەی تێدایە بۆ وەستانەوە دژ بە تێڕوانینە باوەکان و سوود وەرگرتن لە تەکنیکی تازە و خۆگۆڕین و لەخۆگرتنی ژانرە ئەدەبییەکانی دی، بەمشێوەیە نەوە ئەدەبییە تازەکە، دەقە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای تەکنیکی نوێ و هاوچەرخ پەسند دەکات، نەك بەپێی تەکنیکە ڕاهاتووەکانی نووسەرانی پێشوو، ئەم حاڵەتەش پەیوەستە بەو ڕاستییەی کە " گەشەکردنی نەوە ئەدەبییەکان دەبینن نووسەرانی دێرین جوانیناسی ژانرێك لە ژانرەکانیان پەیڕەوکردووە و، بەپێی ڕێچکەی ڕاهاتن دایانڕشتووە," (الفريجات, 2007, ص 26) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆماننوسی نوێ بە تێڕوانینی تازە و تەکنیکی نوێ و شێوازی نوێ و فۆرمی نوێ، نیازی دەستکاری واقیع و سازکردنی ژیانێکی نوێی لەناو دەقی ڕۆمان بۆ خوێنەر هەیە، بەشێوەیەك کە دووربێت لە دونیای ڕۆمانی تەقلیدی " لە ڕۆمانی تەقلیدیدا هەمیشە نووسەر هەوڵ دەدات جیهانێکی چەسپاو کە گۆڕانکاری قبووڵ ناکات پێشکەش بە خوێنەر بکات." (سالح, 2011، ل 40) واتە ڕۆماننووسی نوێ یاخی دەبێ لە تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆمانی تەقلیدی، یاخی دەبێ لە ڕێگەی تەقلیدی وێنەکێشانی کەسایەتی، یاخی دەبێ لە ڕێگەی تەقلیدی خستنەڕووی شوێنکات، بەمەش ڕووداو لەگەڵیاندا تێکدەشکێ، لەبەرئەوەی لە تێڕوانینێکی لاوازەوە سەرچاوە دەگرێت، " ڕۆماننووس هەر بەگژ واقیعی باودا ناچێتەوە، لە تەکنیکە دێرینەکانی نووسینیش یاخی دەبێت و بە کۆمەکی تەکنیکی نوێ، هەوڵی ڕۆنانی دونیایەکی جیاواز دەدات." (حەسەن, 202 ) نەوەك دونیای واقیع وەکو خۆی پیشان بداتەوە. هاوکات لە چوارچێوەی لێکەوتەکانی لیبراڵیزمی نوێ و سیستەمی بازاڕی ئازاد، کاتێك پەرەسەندنی کایەی ئابووری و گۆڕانی بونیاتی سیستەمی ئابووری و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای دروستکردنی خۆراك و ئامێر و کاڵاکان و ئاسانی ڕێگەی گواستنەوەی بازرگانی و زۆربوونی کۆمپانیاکانی گواستنەوە و فروانبوونی دەسەڵاتی ئەم کۆمپانیایانە دێتەئاراوە، ئەوا دەبێتە مایەی بڕینی سنووری کیشوەرەکان، پاشان لە ڕێگەی ڕێکلامکردن بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان، دەزگاکانی میدیایی ( نووسراو، بینراو، بیستراو) دەخەنەگەڕ.

تەنانەت تا وایلێدێت دەزگای ڕاگەیاندنی گەورە دروست بێت و لەسەر بنەمای پەخشکردنی ڕێکلام بەڕێوەبچێت، " ڕێکلام بە شادەماری سەرەکی هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن دادەنرێت" (محمد, 2008, ص 25 ) سەرەڕای ئەمە دەزگای گەورەی ڕێکلامکردن دێتەکایەوە بۆ ڕەنگرێژکردنی سیناریۆی بەهێز لەسەر بنەمای فریودان و زێدەڕۆیی، بەمەبەستی فرۆشتنی زۆرترین کاڵا. لەم پێناوەدا کۆمپانیاکانی ڕێکلامکردن دیارترین فۆرمی گۆرانیبێژ و هونەرمەند و ئەکتەری تەلەڤزیۆنی و شاجوان و پاڵەوانە وەرزشییەکان بەکاردێنن بۆ ڕۆڵبینین لە ڕێکلامەکاندا، لە ڕێکلامەکانیشدا بەشێوەیەکی سەرنجراکێش کاڵا و بازاڕ و واقیع و ئەفسانە و سیحر و ئەفسون ئاوێتەی یەکتر دەکەن، بەمەبەستی سەرنجراکێشانی کڕیار و بەدەستهێنانی سەرمایە و داستبەسەرداگرتنی بازاڕ، بۆ گوزارشتکردن لە واقیع و واقیعی بازاڕ لە کاتێکدا بازاڕ وەك ژیوارێك ژیانی مرۆڤی کۆنترۆڵ کردووە و دەرفەت نادات سەربەستانە بژی، "ئامانجی سەرەکی ڕێکلام بریتییە لە دروستکردنی کاریگەری و برواهێنانی جەماوەر و دروستکردنی پێداویستی و ئارەزووی وەرگر بۆ بەرهەمەکان، بۆ ئەمانەش پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی زیادەڕەوی," (حەمەسەعید و عەلی, 2020، ل 56) بەمەش بڵاوکردنەوەی بەردەوامی ئەم ڕێکلام و وێنەجوڵاوانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کولتووری بازاڕیی پەرەپێدەدات، ستراتیژی ئەم کولتووره بازاڕییە سەردەکێشێ بۆ نامۆبوونی مرۆڤ و خۆوننکردن تیایدا، بەمەش ئەو کولتووره بازاڕییە وادەکات دەست بەسەر زەوق و چەشەی وەرگر و کڕیار و هاوڵاتی دا بگیرێ و دواجار فۆرمی چێژی نوێ دروست بێت، ئەمانەش بەرەبەرە ڕەنگدانەوەیان بەسەر کایەی ئەدەبیات و چەشەی خوێنەران بەجێدێڵن و ڕۆڵیان دەبێت لە " گۆڕینی هەستە ئەدەبییەکان لەلایەن خوێنەرانەوە لە نێوان کاتێك و کاتێکی دیکە, " (الفريجات, 2007, ص 26 ) گۆڕانی چەشەی خوێنەر و هاتنەکایەوەی چەشەی نوێ، وادەکات ڕۆمان بەتێڕوانیی نوێ و تەکنیك و شێوازی نوێ و فۆرمی نوێ بێتەپێشەوە، چونکە سەردەمی نوێ، چەشەی نوێ دەسازێنێت، بۆیە بەیەکداچونی ژانرە ئەدەبییەکانیش وەك دیاردەیەکی تازەی ئەدەبی چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت کاتێك لەناو فۆرمی ڕۆماندا زۆرترین ژانر بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت.

لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتا نەهایی کە لە ساڵی 2007 بڵاوی کردۆتەوە، دەبینین خوێنەر لە دەقەکەدا بەر ئەفسانە و حەکایەت دەکەوێ کە بەشێوازێکی هونەری ئەم حەکایەتە خورافییە تەرجەمەی واقیع بووە، کاتێك کارەکتەری دایەگەورە وەك گەنجینەی ئەفسانە و حەکایەت

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە بەشێكی ڕۆمانەكە دەردەكەوێت، پاشان كارەكتەری هەڵاڵە لە سەر زاری دایەگەورە حەكایەتی (میرخوناوك و خاتوو كڵاوزێڕ) لەناو پانتایی ڕۆمانەكە بە شێوازی خۆی دەگێڕێتەوە: "میرخوناوك خەڵكی شارێك بوو لە شارەكانی حەكایەت، شارێك بە كۆمەڵێك ماڵ و خانووی گەورە و بچووكەوە. خەڵكێكی میهرەبان لەو ماڵ و خانووانەدا دەژیان. خەڵكێكی ئاسوودە و بەختیار، ئەگەر دێوە نگریس و ناپاكەكان بیانهێشتایە. دێوەكان ــ دایە گەورە دەیگوت ــ چاوی بینینی ئاسوودەیی و بەختیاری خەڵكی هیچ شار و وڵاتێكیان نەبوو. ماوەیەك بوو لە كێوی تەنشتی شار دەستیان بەسەر تاقە كانی و سەرچاوەی شاردا گرتبوو... خەڵكی شار، ژن و پیاو، پیر و منداڵ، ئاغا و مسكین، تووشی بەڵا و نەهامەتییەكی گەورە ببوون. هەموویان مات و خەمبار بوون. لە هەموویان ماتتر و خەمبارتر پاشای شار بوو. پاشای شاری وێران، پاشا هیچ نۆكەریشی نییە. پاشا بەوەی دەزانی، بۆیە ئەمری بە جارچی كرد بچێت لە هەموو كووچە و كۆڵان و شەقامەكاندا جاڕ بدات: هەركەس ئەو كانی و سەرچاوە لە چنگی دێوەكان ڕزگار بكات، پاشا خاتوو كڵاوزێڕی كچی خۆی دەداتێ. خاتوو كڵاوزێڕ یەكەمی جوانان و كچی خەون و خۆزگەی كوڕەكانی شار بوو، بۆیە كە ئەو هەواڵەیان بیست یەكەیەكە پشتێنیان لێ توند كرد و شیر و ڕم و گورز و گۆپاڵیان هەڵگرت و بۆ شەڕی دێوەكان بە هەورازدا هەڵگەڕان." (ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە, 2019، ل 18 ــ 19)

بەم شێوەیە دەبینین عەتا نەهایی بۆ دەوڵەمەندكرنی ستراكتووری واتایی و ستراكتووری هونەری ڕۆمانەكەی پەنای بۆ ئەدەبی سەرزارەكی و فۆلكلۆری وەكو ژانری حەكایەت بردووە. بە دیوێكدا ئیستاتیكا بە دەقەكە بەخشیووە و هەردوو بونیاتەكەی تێكەڵ بەیەك كردووە، بە دیوێكی دیكە سنووری چوارچێوەی ژانری ڕۆمانی بەزاندووە و فرەدەنگی بەرهەم هێناوە، بەمەش ڕۆمانەكە وەكو دەقێكی كراوە باوەشی بۆ حەكایەتەكە كردۆتەوە و یەكێتی بابەتیشی تێدا پاراستووە، بۆ گوزارشتكردن لە زیندوێتی ئەفسانە و حەكایەت لەناو ژیانی واقیعی سەردەم، هەروەك دەبینین ڕۆماننووس بە شێوازێكی ورد ئەفسانە و حەكایەت و ژیانی واقیعی لەناو پانتایی ڕۆمانەكەیدا خستۆتەڕوو بۆ نیشاندان و دووبارەبوونەوەی ژیانێكی كۆنی سەردەمی پێش مێژووی نێو حەكایەت و ژیانێكی هاوچەرخی نێو سەدەی پێشكەوتن و تەكنۆلۆژیای نێو وڵاتی سوێد و واقیعی كوردستان: هەروەك لەم خشتەی خوارەوە روونكراوەتەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (2) ڕوونکردنەوەی سێ کارەکتەری نێو حەکایەتێکی کۆن و دەقێکی نوێی ڕۆمان.

| حەکایەتی (میرخوناوك و خاتوو کلاوزێڕ) | چیرۆکی (شێرزاد و هەڵاڵە) لە ڕۆمانەکەدا |
|---|---|
| لەناو حەکایەتەکەدا سێ کارەکتەری سەرەکی هەن: (پاشا، خاتوو کلاوزێڕ، میرخوناوك)، بۆیە پاشای مەملەکەت خاتوو کلاوزێڕی کچی دەبەخشێ بە میرخوناوکی پاڵەوان و دێوکوژ، لەبەرامبەر ئەو خزمەتەی میرخوناوك وەکو پاڵەوانێکی نێو حەکایەتەکە پێشکەش بە پاشای کردووە. | لەناو ڕۆمانەکەدا سێ کارەکتەری سەرەکی هەن: (حەمەڕەشید ئاغا، هەڵاڵە، شێرزاد). بۆیە حەمەڕەشید ئاغای باوکی هەڵاڵە هەروەکو پاشا، کارەکتەری هەڵاڵەی کچی خۆی پێشکەش بە کارەکتەری شێرزاد، لەبەرامبەر ئەو خزمەتەی کارەکتەری شێرزاد وەکو پێشمەرگەیەکی ئازا و پاسەوانێکی تایبەتی لەناو ڕۆمانەکەدا پێشکەش بە حەمەڕەشید ئاغای کردووە. |

تێکەڵکردنی دوو ڕاستی سەردەمی کۆن و هاوچەرخ کە یەك کاری هونەری کۆی کردونەتەوە، لە بەشێکی دیالۆگی نێوان کارەکتەری سەعید و هەڵاڵە لە ڕۆمانەکەدا ڕووی ئەم ڕاستییە دەرکەوتووە هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: " لە مەحاڵی کرماشانیش حەقایەتی میرخوناوك هەیە؟!
میرخوناوك؟!

ئائا. ئەو پیاوە کە بۆ ئازادکردنی کانی و سەرچاوەی شارەکە دەچێتە شەڕی دێوەکان.

سەعید سەرنجی ڕاکێشرا. گوتی: میرخوناوك یەعنی چی؟ خوناوك یەعنی چی؟

هەڵاڵە سەیری شێرزادی کرد، شێرزادیش نەیتوانی یارمەتی بدات. هەڵاڵە گوتی: نازانم. ئەوەندە دەزانم کە میرخوناوك پاش ئەوەی دێوەکان دەکوژێ و کانی و سەرچاوەکان رزگار دەکات، لە پاداشتی ئەو خزمەتەیدا پاشا خاتوو کلاوزێڕی کچی خۆی دەداتێ. سەعید گوتی: وەك باوکی تۆ کە لە پاداشتی خزمەتەکانی شێرزاد دا تۆی داوەتێ." (ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە, 2019، ل 168 ــ 169)

لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو مەبەستەی لەناو فۆرمی حەکایەتێکدا لە سەردەمە کۆنەکاندا خراوەتەڕوو، دەشێ هەمان شت لەسەردەمی هاوچەرخ لە ڕێگەی ژانرێکی نوێی وەکو ڕۆمان دووبارە گوزارشتی لێبکرێتەوە، بەڵام بە فۆرم و ناو و زمان و شێوازێکی دیکە، بەمرەنگە دەبینین ڕۆماننووس زیرەکانە توانیویەتی سەرکەوتووانە لە ڕێگەی بەیەکداچوونی حەکایەت و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆمانەوە لەنێو کارێکی هونەری و لەچوارچێوەی ئیستاتیکای هونەرییەوە ئەم دوو ژانرە کۆن و هاوچەرخە تێکەڵ بەیەك بکات و ئەزموونی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات. ئەمەش دواجار خۆی لە ئاکتیڤبوونەوەی حەکایەت لەناو ڕۆماندا دەبینێتەوە.

بەم چەشنە دەبینین فۆرمی ڕۆمانی کوردی سنووری ژانرە ئەدەبییەکان دەبەزێنێ و هەستی جوانیناسییانەی ڕۆمانی تەقلیدی دەگۆڕێ و وادەکات ڕۆمانی تازە پێداویستییەکانی خواستی سەردەمی نوێی ئەدەبیات پڕ بکاتەوە و پەرە بە ئاشتەوایی نێوان ژانرەکان بدات و ببێتە فۆرمێکی کراوە بۆ لەخۆگرتنی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبی، بەمەش خوێنەر وەك فرەڕەنگی ژیان لەناو فۆرمی لاپەڕەکانی ڕۆماندا شیعر دەدۆزێتەوە، لەوسەری ڕستەکانی نێو بونیادتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا حەکایەت دەبینێتەوە، شانۆنامەی بەرچاو دەکەوێ و ئەفسانە و کورتە چیرۆك دەخوێنێتەوە، وێنە و تابلۆی هونەری و دیمەنی سینەمایی دەبینێ، ئەمەش لە یەك کاتدا ئەزموونی ئەدەبی خوێنەر فراوانتر دەکات و ئیستاتیکایەکی هەمەچەشن بە تێکستەکە دەدات و بەشێوەیەکی هونەریی بەهرەی جۆراوجۆر بە خوێنەر نیشان دەدات و خوێندنەوەی لەلا شیرینتر دەکات و تەشویقێك بە گێڕانەوەکە دەبەخشێت، دواجار ویژدانی بە زیندوویی ڕادەگرێت و پەیوەندیی لەگەڵ ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی ژیانی خۆی ساز دەکات، چونکە ئەو ڕۆمانانەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکانیان لەخۆگرتووە، ڕۆمانی سادە نین، بەڵکو زۆرجار لەلایەن نووسەرانێکی تایبەتییەوە دەنووسرێن کە داهێنەری بەتوانا و خاوەن سەلیقەی جوان و بەهرەی جۆراوجۆری ئەدەبییان هەیە و پێشتر خۆیان لە نووسینی چەندین ژانری ئەدەبی و کاری ئەدەبیات داوە، " هەندێك لە داهێنەران کە ژانرە ئەدەبییەکان تێکەڵاو دەکەن، لەبەر ئەوەیە کەسانێکی تێدایە لە یەك کاتتدا شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆنامەنووس و ڕەخنەگرن." (الفريجات, 2007, ص 26 )

کەواتە هەموو ئەنگێزەکانی دەرکەوتنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرەکان لە فۆرمی ڕۆمانی کوردیدا، دەبنە مایەی بەزاندنی سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکانیان و، یاخی بوون لە تیۆروانین و تەکنیك و شێوازی تەقلیدی ڕۆمان، ئەمەش وادەکات ڕۆمان لەلایەن ڕۆماننووسانەوە بە شێوازێکی تازە بەرخوردی لەتەکدا بکرێت و بە تەکنیکی نوێی نووسینی ڕۆمان و فۆرمی تازە و تێمای زیندوو بکەوێتە بەردەست خوێنەر، کە تێیدا سنوورەکان تێکبشکێنرێت و بەرگێکی تازە بە بەر ڕۆمانی کوردیدا بکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1ـ ڕاپەڕین مژدەی سەرەتای دونیایەکی نوێ بۆ کورد و کایەی ڕووناکبیریی و ئەدەبیی کوردی بە گشتی و ڕۆمانی کوردی بەتایبەتی دێنێتەکایەوە، کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت لە دەرکەوتنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا. هەروەك لەلای ماردین ئیبراهیم لە ڕۆمانی (مەرگی مەیموون)دا دەبینین بەیەکداچوون لە هەردوو سترکتووری واتایی و ستراکتووری هونەری هاتۆتەئارا و بەیەکداچوونی ڕۆمان و تابلۆی هونەری لە دەقەکەدا بەرجەستەبووە، بەمەش تابلۆ هونەرییەکە وەکو ئامرازێك لە ڕۆمانەکەدا بەگەڕخراوە و گۆڕانکاری لە تەلاری ڕۆمانەکە دامەزراندووە و کەشێکی جوانی بە دەقەکە بەخشیووە.

2ـ دەزگاکانی میدیا و تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورە لە گۆڕینی چێژ و سەلیقەی هونەری وەرگر دەگێڕن، بۆیە دەبینین ئەمە دواتر لە ڕۆمانی کوردیدا شوێن دەگرێ و دەبێتە هۆی هاتنەئارای دەقی نوێ و بابەتی نوێوە هەروەك لە ڕۆمانی (وڵاتی تارمایی) سەڵاح عومەردا دەبینین ڕۆمان سنووری ژانرەکانی بەزاندووە و ئامێزی بۆ شیعر کردۆتەوە و شیعرەکەش بە فۆرمی خۆیەوە لەناو ڕۆمانەکە دەرکەوتووە و گۆڕانی بەسەر پرۆسەی گێڕانەوە و فۆرم و تۆپۆگرافیا و تەلاری ڕۆمانەکەدا هێناوە و هارمۆنیاییەکی ئیستاتیکی لەنێو ستراکتووری واتایی ڕۆناوە.

3ـ پێشکەوتنی زانست و بەیەکداچوونی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ بە کایەی ئەدەبیات، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زەمینە خۆشکردن بۆ بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان، هەروەك لە ڕۆمانی (مەرگی مەیموون)ی ماردین ئیبراهیم دا دەبینین کە پێشکەوتنەکانی بواری زانست و تەکنۆلۆژیا و ئەدەب بەشێوەیەکی هونەری بەیەکداچووە و دواجار بەرهەمێکی ئەفرێنەری خوڵقاندووە.

4ـ ئەنگێزەی لیبراڵیزمی نوێ و بازاڕی ئازاد و تەکنیکی نوێ بە قووڵی چوونەتە ناو زۆربەی بوارەکانی ژیان و گۆڕانکاری گەورەیان دروست کردووە تەنانەت سنووری کیشوەرەکانیان بەزاندووە و پەیوەندی نوێیان بە تەکنیکی نوێ و دیزاینی هاوچەرخ هێناوەتەپێشەوە، ئەمەش وایکردووە ڕۆمان بە تەکنیکی نوێ و تێڕوانیی نوێ و شێوازی نوێ و فۆرمی نوێ بێتەپێشەوە، چونکە سەردەمی نوێ، چەشەی نوێ دەسازێنێت، بۆیە بەیەکداچونی ژانرە ئەدەبییەکانیش وەك دیاردەیەکی تازەی ئەدەبی چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت کاتێك لەناو فۆرمی ڕۆماندا زۆرترین ژانر بەر دیدی وەرگر دەکەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمچەشنە بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕۆمانی کوردی لە دوای قۆناغی ڕاپەڕین بە زەقی دەرکەوێت. هەروەك لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتا نەهایی دەبینین ڕۆماننووس بە شێوازێکی ورد، ئەفسانە و حەکایەت و ژیانی واقیعی لەناو پانتایی ڕۆمانەکەیدا خستۆتەڕوو بۆ نیشاندان و دووبارەبوونەوەی ژیانێکی کۆنی سەردەمی پێش مێژووی نێو حەکایەت و ژیانێکی هاوچەرخی نێو سەدەی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیای نێو وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکو سوێد کە بە تەکنیکێکی نوێ بەیەکیان دەبەستێتەوە، ئەمەش بە ئامانجی گوزارشتکردن لەو جیهانە جوانەی ڕۆماننووس لەناو دەقدا دروستی دەکات و ئەو جیهانەی دەیەوێ بیرووخێنێت.

## سەرچاوەکان

یەکەم: کتێبەکان

أ-کوردییەکان


1. ئەڵوەنی، نەجم خالید (پ.ی.د.)، 2012، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری ـ پراکتیکییە)، بەڕێوەبەرایێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
2. ئیبراهیم، ماردین، مەرگی مەیموون، 2019، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
3. ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز (د)، 2002، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین (1992- 2002)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
4. حەسەن، حەمەسەعید، 2018، ڕۆمان و ژیاننامە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
5. خەیات، ئاری عوسمان، 2019، ڕوانگەی ڕەخنە و ڕوانینی تیۆریی, , دەزگای چاپ و پەخشی نارین, هەولێر.
6. ڕەحمان، عەبدوڵڵا، 2014، بنیاتی گێڕانەوە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
7. ڕەشید، سابیر، 2007، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
8. ڕۆژبەیانی، زاهیر، 2011، کاروباری گێڕانەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
9. عەلی، بەختیار، 2021، زنجیرەکانی دۆن کیشۆت، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.
10. عومەر، سەڵاح، 2008، جەنگ (کۆبەرهەم)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11. مەنتك، حەمە، 2013، تەکنیکی فرە دەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی 2000-2010)، بەڕێوەبەرایێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
12. محەممەدساڵح، تانیا ئەسعەد ، 2011، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە، ئەژدیها)، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
13. نەهایی، عەتا، 2019، گرەوی بەختی هەڵاڵە، چاپی دووەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.
14. یاسین، عوسمان، 1999، بونیادگەری پێکهاتوویی (میتۆدی لوسیان گۆڵدمان)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ب ـ-عەرەبییەکان

15. ويليك و وارين، رينيه, اوستن, 1987، نظرية الادب, ت: محي الدين صبحي, المؤسسة العربية للدراسات والنشر, بيروت.
16. الفريجات، عادل, 2007، بحوث و رؤى في النقد والادب, دار المركز الثقافي, دمشق.

گۆڤاری زانستی:

17. محمد، سلام نصرالدين ، 2008، اتجاهات الجمهور الكوردي ازاء الاعلانات التجارية في القنوات التلفزيونية الكوردیية, كلية علوم الانسانية, جامعة السليمانية , قسم الاعلام.

ج ـ-فارسییەکان

18. شمیسا، سیروس (دکتر) ، 1387، انواع ادبی (ویرایش چهارم)، نشر میترا، چاپ سوم، تهران.

دووەم: گۆڤارەکان

19. حەمەسەعید و عەلی، نەزاکەت حسین، ئەحمەد قادر، 2020، ڕۆڵی ڕێکلام لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی (6)، ژمارە (4) زستان.

سێیەم: ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت:

20. حەسەن، حەمە سەعید ، 2021/10/26، فەلسەفە لە ڕۆماندا، ماڵپەڕی نووسەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، ڕۆژی سێشەممە.
21. د. مەریوان وریا قانیع، (https://drawmedia.net).

چوارەم: سمینار:

22. حەسەن، شێرزاد, 2021/10/14، کۆڕی گفتوگۆی کراوە (کۆچی بەکۆمەڵ)، لەلایەن دەزگای (CHAK) ڕێکخراوە، شوێن: زیوریخ، سویسرا .

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دور السياق المحلي والعالمي في ظهور ظاهرة تداخل الأجناس الأدبية في الروايات الكردية

**الملخص**

يعتبر تداخل الأجناس الأدبية في الروايات الكردية مجالاً جديداً ومهماً للبحث الأدبي. تهدف هذه الدراسة إلى تحليل دور السياق المحلي والعالمي في ظاهرة تداخل الأجناس الأدبية في الأدب الكردي.

أكدت هذه الدراسة بالتفصيل أبعاد الدوافع المحلية والعالمية التي مهدت الطريق لظهور الأجناس الأدبية في الرواية الكردية.

في هذا البحث، يتم تسليط الضوء على دور الأرضية المحلية، وخاصة دور انتفاضة الشعب الكردي، في تجسيد تداخل الأجناس الأدبية في الروايات الكردية، كما يتم تسليط الضوء على دوافع الاعلام.

بالإضافة إلى ذلك، تم شرح دوافع التقدم التكنولوجي والعلمي، ثم تم تحليل دوافع الليبرالية الجديدة والسوق الحرة والنتائج التقنية الجديدة بالتفصيل في تمهيد الطريق لظهور الأجناس الأدبية في الروايات الكردية، لهذا الغرض، تم الاستشهاد بالعديد من النصوص الروائية الكردية كأمثلة وتم تسليط الضوء عليها.

# The role of local and global preparation in the embodiment of the literary genre’s interference phenomenon in Kurdish novels

**Lect. Hayder Jawhar Ahmed**
College of Nursing, Hawler Medical University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
haederjauher@yahoo.com

**Asst. Prof .Dr. Pakhshan Sabr Hamad**
Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
pakhshan.hamad@soran.edu.iq

***Keywords:*** *Literary, genres, interference, impact, local, global, Kurdish novels.*

## Abstract

Literary genre interference is an important subject to be written about in literary criticism. Throughout this study, the role of local and global preparation in the embodiment of the literary genres interference phenomenon in Kurdish novels has been discussed in detail.

Within this study, we refer to local preparation especially the role of the uprising of Kurdish people in 1991 and its impact on literary genre interference. Also, the effect of mass media on novels has been analyzed.

The impact of technology and science development, new liberalism, multinational companies, and free markets have shown as part of the global preparation role of literary genre interference which really they have a great impact on the new style of Kurdish novels.

In the practical part of this study, some examples of Kurdish novels have been concentrated on; throughout them, the reality of the effects has been proven.